# وڵاتی سویس لە 20 ساڵی داهاتوودا و چوار سیناریۆ

rahmayub@yahoo.de

ئەیوب ڕەحمانی



ماوەیەک پێش ئێستا ڕۆژێکی سێشەممە لە ڕێکەوتی 21ی مانگی شەشی(یوونی) 2011دا بەرانبەر بە 31ی جۆزەردان لە زانستگای کەرەستەسازی شاری زوریخ لە وڵاتی سویس لە لایەن "یەکەی لێکۆڵینەوە بۆ داهاتووی سویس" یا "سویس فیوچێر" سیمینارێک لە ژێر ناونیشانی "بەهاکانی ئاڵووگۆڕ لە سویس- چوار سێناریۆ" بە ڕێوە چوو. لەو سیمینارەدا کۆمەڵێکی زۆر پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی یاسایی، کۆمەڵناسی، مەدەنییەت، تەکنۆلۆژیا و زۆر پسپۆڕی دیکە وێڕای کۆمەڵێکیش خوێندکاری بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی و پزشکی و هتد بەشدار بوون. نرخی چوونە ژوورەوە پەنجا فرانک بوو.

یەکەی لێکۆڵینەوە بۆ داهاتووی سویس خۆی ڕێکخراوێکە کە وەک لە ناوەکەیەوە دیارە لێکۆڵینەوە بۆ داهاتوو دەکات و حەول دەدات زانیاری بە خەڵکی ئەم وڵاتە ببەخشێت کە چۆن بکەن بۆ ئەوەی داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان و چارەنووسیان، بە دەست و پلانی خۆیان دابڕێژن و داهاتوو نەدەنە دەست قەدەر و تەقدیر و نەڵێن هەر چی پێشهات با بێت، بەڵکوو بۆخۆیان دایبمەزرێنن، بەو جۆرەی کە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەیان و خەڵکەکەیاندا بێت و ئەمەش بۆ داهاتوویەکی ڕوون و دەستەمۆی دەستی خۆیان. لەم سمینارەدا چوار سیناریۆ بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان خرایە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و یەک بە دوای یەک تاوتوێ کران. چوار سیناریۆکە ئەمانە بوون، یەکەم: سویسی لەخۆبایی و لووت بەرز، دووهەم: سویسی شەڕئاژۆ، سێهەم: سویسی ئابوری و چوارەم: سویسی ترس. پرسیار ئەمە بوو کە کام یەک لەم مۆدێلانە بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان لە بەرژەوەندی هەموولایەکدا ئەبێت و بۆ نمونە ساڵی 2030 واتە نۆزدە ساڵی دیکە ئەبێ ئەم وڵاتە چۆن بێت و بەرەو چ ئاقارێک بڕاوت کە شیرازەکەی لێک هەڵنەوەشێت و لە دەستەمۆی خۆشیاندا بمێنێتەوە و خەڵکەکەی لە ئاسایشدا بمێننەوە و وڵاتەکەیشیان هەر وا وەک ئێستا دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر ببێتەوە؟ درووشمی سیمینارەکە ئەمە بوو: دەوڵەمەند و لەخۆبایی یا هەژار و شەڕاوی؟ لێرەدا منیش هەوڵ دەدەم هەر چوار سیناریۆکەی کە باسیان لێوە کرا و هەڵسەنگێندران بخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی کورد زمان. پێشکەشکاری سیمینارەکە ئاغای جۆرج ڕووس بوو.

سیناریۆی یەکەم: ئەگەر ساڵی 2030 سویس لەخۆبایی و لووت بەرز بێت (بمێنێت). لەم سیناریۆیەدا سویس وەزعی باش دەبێت، تەرەقی دەکات، وڵات دەوڵەمەندتر، ئاکادیمیکتر و لە باری ئەمنییەتی ئەمینتر دەبێت. بە بڕوای من وەک نووسەری ئەم دێڕانە سویس چەند ساڵێکە لەم سیناریۆیەدا ئەژی کە سیناریۆیەکی نیئۆلیبڕاڵی بێڕەحم و ئاریستۆکراتیکە کە بەرژەوەندیی قسەی یەکەم و کۆتایش دەکات و لەم سیناریۆیەدا هیچ شتێکی دیکە بەها پەیدا ناکات، ئەگەر بەرژەوەندی سویسی تێدا نەپارێزرابێ!!

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی سویس فیوچێر، ئەگەر ئەم وڵاتە بە شێوەی سیناریۆی یەکەم بڕواتە پێش، لە ساڵی 2030دا 60%ی خەڵک مەدرەکی دانشگایان پێیە، پێکهاتە و فەراوەردە ناوخۆییەکان هەر ساڵەی 2% زیاتر دەبێت، واتە تا ئەوکات 38%ی پێ زیاد بووە، حەدی ناوەڕاستی (میانگینی) دەسحەقی مانگانەی خەڵکی عادی ئەچێتە سەر تا مانگی 8500 فرانک کە دەوڵەت 32%ی ئەبات وەک ماڵیات و زەڕیبە و ئەمانە. 54 لە سەدی خەڵکی ناو وڵات بە کارەوە خەریکن، ڕێژەی بێکاری تا 3% کەم ئەبێتەوە، ماده سڕکەرەکان ئازاد دەکرێن، ساڵی 45000 خاریجی دێنە ناوەوە و بە دانیشتوان زیاد دەبن، حەشیمەت ئەبێتە نۆ و نیو میلیۆن کە 24



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەرسەدی بێگانەن (ئێستا حەشیمەت حەوت میلیۆنە)، میانگین یا حەدی ناوەڕاستی منداڵدار بوونی هەر ژنێک ئەکاتە یەک و نیو دەرسەد، کۆمەڵگا هەستی نەتەوەیی لاواز دەبێ و وڵات ئەبێتە گۆڕەپانێکی کێ بەر کێی ئابوری و هتد کە هەر کەسە و بۆخۆی لە سەر بەرپرسیارەتی خۆی و تواناییەکانی قومار یا هەڵس و کەوت دەکات. ئاغای ڕووس خاڵی ئەرێنی ئەم سیناریۆیە بە: "ڕوانینەوەی ترس لە داهاتوو" ناودەبات. واتە بە جێگای ئەوەی دابنیشین دەست لە سەر دەست دانێین و هیچ نەکەین و لە داهاتوو بترسین، بە پێچەوانە بەرپرسیارەتی ئەگرینە ئەستۆ و چالاک دەبین بۆ ئەوەی سویسیەکان بکەینە پڕ کێبەرکێترین نەتەوەی جیهان، (ن: دیارە ئەگەر سویسیی بە نەتەوەیەک حیساب بکرێن، بۆ ئەوەی دانیشتوانی لە چوار نەتەوەی جیاوازی ئاڵمانی و فەڕانسەیی و ئیتالی و یەک دەرسەدیش ڕێتۆڕۆمانیش زمان پێکهاتوون بە عەلاوەی یەک میلیۆنیش خاریجی). ئاغای ڕووس خاڵی نەرێنی ئەم سیناریۆیە بەمە دەزانێت کە "ئەگەر بێت و قەیرانێکی ئابووری لەم وڵاتە بدات، ئەوا گەورەترین و قورسترین زەربە بەر وڵات ئەکەوێت" ئەم ترسەش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە وڵاتێکی لەخۆبایی و لووت بەرز کە هەر خۆی دەبینێت و تەنانەت ئامادەش نییە بچێتە ناو بازاڕی یەکگرتووی ئوروپا، ئێستا تەریک کەوتۆتەوە و لە کاتی گرفتی ئابوریشدا تەریکتر دەکەوێتەوە و ئەمەش یانی سقوتی ئازاد و خۆکووژی. خاڵی جێگای سەرنج ئەم پێگەیشتنەیە کە سویس فیوچێر پێی وایە لە ساڵی 2030 عەقدی زیواجاتی ژن و پیاو سنوردار دەکرێت بۆ پێنج ساڵ. واتە ئەوانەی بوونە ژن و پیاو بە فەرمی و ناوی خۆیان سەبت کرد، عەقدەکەیان عەقدێکی پێنج ساڵە دەبێت و نەک بۆ دایم، وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە. جا ئەو ژن و شووانەی کە پێش تەواو بوونی عەقدەکە زانیان هێشتا یەکترینیان خۆش ئەوێت و پێکەوە دەمێننەوە، ئەوا ئەبێ نۆبە بگرنەوە و عەقدەکەیان بۆ پێنج ساڵی داهاتوو نوێ بکەنەوە، هەر جووتێک ئەو کارە نەکات بە شێوەی ئاوتۆمات یا خۆسەر تەلاقیان وەرگرتووە!!

سیناریۆی دووهەم: سویسی شەڕانی (ئەم سیناریۆیە هەندێک شتی لە ئێرانی ئەمڕۆ دەچێ). لەم سیناریۆیەدا دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارەکان هەژارتر و سویس ئەشێوێت بە سەر یەکدا و کۆنتڕۆڵ لە دەست ئەچێتە دەر. ئابوری وڵات تەنیا نیو دەر سەد لە ساڵدا زیاد دەکات، بێکاری دەگاتە نۆ دەرسەد، حەقدەست حەوت هەزار فرانک دەبێت کە نیوەی واتە 50%ی دەوڵەت ئەیبات. تەمەنی بازنشستە بوون یا تەقاعود 66 ساڵ، بەڵام پارەکەی هێندە کەمە کە لە هەر دوو کەس یەکیان ئەبێت درێژە بە کارەکەی بدات بۆ ئەوەی پارەکەی بەشی بکات. زۆربوونی هەژاری و کەم بوونی ئاسایش وا دەکات کە خەڵک ڕووبکەنە مادە سڕکەرەکان (وەک ئێرانی ئێستا). منداڵ ناخوازرێت و حەدی ناوەڕاست یا میانگینی منداڵدار بوون تا 1.2% بۆ هەر ژنێک دێتە خوار. سویس بۆتە ئەندامی ئوروپای یەکگرتوو و ئاژاوە لە وڵات زیاتر دەبێت و دەوڵەمەندەکان لە ناوچەی پارێزراو دەژین و هاوکات ناوچەی هەژار نشینیش پێک دێت کە تەنانەت پۆلیسیش ناوێرێت تخوونی کەوێت، هێند نائەمن دەبێت. ئاغای ڕووس لەمبارەوە دەڵێت: ئالێرەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە پۆلیمیک و موشاجرە و قووتبی بوون وڵات بەرەو سقوت دەبەن و هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە گەڕەکە کۆچبەرەکان (موهاجیرنشینەکان) شەریعەتی ئیسلامی حوکم دەکات و تەلاق و زیواج بە پێی شەریعەت بەڕێوە دەچن!

سیناریۆی سێهەم: سویسی ئابوری یا سویس باڵانس (ئەم سیناریۆیە هەندێکی لە وڵاتانی دیکەی ئوروپا دەچێت وەک ئاڵمان و فەڕانسە و سوئێد و هۆڵەند و ...). لەم سیناریۆیەدا وڵات باڵانسێک لە بەینی ئابوری و ژینگەپارێزیدا پەید دەکات. سویس بۆتە ئەندامی ئوروپای یەکگرتوو، حەولی ڕاهێنان و بارهێنان زیاد دەکات، شانسی یەکسان و بەرابەر بۆ هەموو کەسی خاریجی و ناوخۆیی وەک یەک دەبێت، هەموو ماڵێک خۆی وزەی خۆی لە ڕێگای سرووشتییەوە وەکو با و خۆر و ئاو بەدەست دێنێت. سویس تەرەقی دەکات، پێداویستیی ناوخۆیی تا 1.5 دەرسەد ساڵانە زیاد دەکات و خودکەفایی پێک دێ، حەقدەست دەگاتە 8000 لە مانگدا، حەشیمەت دەگاتە نۆ و نیو میلیۆن، زانیاری و خوێندن گرنگی زیاتری پێ دەدرێت و 60%ی هەموو ئەوانەی لە بیست و پێنج ساڵ بەرەوژوورن مەدرەکی دانشگایان دەبێت. ئابووری وڵات ئەچێتە سەرتر و تەنیا 2% بێکاری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوونی دەبێت. تەمەنی تەقاعود یا بازنشستە بوون تا 45 ساڵ دێتە خوار و تەنانەت بۆ هەموو ئەوانەی کە 7 ساڵی تەمەنیان بە منداڵ بەخێو کردنەوە خەریک کردبێت، تەمەنی بازنشستە بوون لە 38 ساڵییەوە دەست پێ دەکات! (ئێستا لە سویس 65 ساڵە و لە ئێران پاش 30 ساڵ کاری دەوڵەتییە). حەدی ناوەڕاستی منداڵدار بوون بۆ هەر یەک ژن دەچێتە سەر تا 1.8%، حەشیمەت زیاد دەکات، جەنایەت یا کریمینالێتێت زۆر کەم دەبێتەوە، ئایین و ئایدیۆلۆژییەکان دەبنە پریۆریتەی دووهەم و بەرەوخوار، نەک گرنگترین شت و ڕێگا چارە سیاسی و ئابورییەکانیش ئاسانتر دەدۆزرێنەوە. ئاغای ڕووس لەمبارەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەم سیناریۆیەدا ژینگەپارێزی و بەدەست هێنانی وزە لە ڕێگا سرووشتییەکانەوە زۆر لە گرنگیدایە، مرۆڤەکان زیاتر ژینگە و زەخیرە ژێرزەوینییە فوسولیەکان دەپارێزن و کەمتر دەیانسووتێنن، سلامەتی و دۆستایەتی و گرنگیدان بە دەر و دراوسێ و ئەمانەش زیاد دەکەن. ئەم سیناریۆ سویس بەرەو باشترین ئاقاری خۆی دەبات، بەس ئێستا دوورە لەم سیناریۆیە (سویس ئەمڕۆ لە سیناریۆی یەکەمدا دەژی). خاڵە ئەرێنیەکانی ئەم سیناریۆیە زۆرن، ئاسایش بەرز دەبێتەوە، ژن و پیاو کە خاوەن منداڵبن، جۆرێک حەقی بازنشستە بوون وەردەگرن، (پێموابێت لە وڵاتی سوئێد لە سکاندیناڤی حاڵەتێکی نیزیکی ئەم سیناریۆیە بوونی هەبێت هەر ئێستاکە)، ماشینەکان بەرقین یا بە وزەی سرووشتی کار دەکەن، وزەی ماڵەکان وەک باسیکرا سەربەخۆ وەدی دێن و تەنانەت بیر لە دانانی حەوتووی "بێ هەندیی یا بێ مۆبایل" دەکرێتەوە. (ئێستا لە هەندێک لە وڵاتانی ئوروپایی داوا لە خوێندکارە مێرمنداڵەکان، کە لە قۆناخی مۆبایل و ئینتێرنێت لەدایک بوون، دەکەن کە داوتەڵەب بین و حەوتوویەک هەندیی بەکار نەهێنن، بزانن ژیانی ئەو یەک حەوتووەیان بە بێ مۆبایل و بێ ئێس ئێم ئێس چۆن ئەڕواتە پێش).

سیناریۆی چوارەم: سویسی ترس. لەم سیناریۆیەدا سویس حاڵەتی بەرگری بەخۆیەوە دەگرێت و خۆی لە باقی وڵاتانی جیهان ئیزۆلە دەکات (ن: وەک کۆرەی باکور) حاڵەتی ئامادەباش ئەبێتە پرنسیپی ڕۆژانە و وڵات بەرەو هەژاری و ناسەقامگیری ئەڕوات. وڵات لە هەر جۆرە ئاڵ و گۆڕ و خۆنوێکردنەوەیەک دەترسێت و تووشی ڕاوەستان و ڕێکوود و کەسادی دەبێت. تەرەقی ئابووری ئەگەر زەرەر نەبێت ئەوا لە باشترین حاڵەتیدا تەنیا یەک دەهوومی دەرسەد دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێژەی حەشیمەت تەنیا بە هەشت میلیون دەگات. کۆمەڵگا و نەتەوەی سویس و وەزعی ژیان و ئابوری خەڵک زۆر خەراپ دەبێت و لە هەر دوو نەفەر هێزی ئامادەی کار تەنیا یەکیان کار دەکات یا کاری دەبێت. بە گشتی هەشت لە سەد ڕادی بێکاری دەبێت. حەدی دەستحەقی کار تا 5000 فرانک (ناخالس) لە مانگێکدا دائەبەزێت و ئەویش 60%ی حکومەت ئەیبات! حکومەت هەموو جۆرە خۆشی و ئاسایشێکی ژیان لە خەڵک مەحدود و یا قەدەغەیان دەکات و هاوکات حاڵەتی پادگانی بە خۆیەوە دەگرێت و وەرزش ئیجباری دەکرێت و خەڵک بۆ بەرگری لە سنورەکان ئامادە دەکرێن و گرنگی بە خوێندن دەدرێت، بەڵام تەنیا 45 لە سەد مەدرەکی دانشگایی وەردەگرن. ئەم وەزعە کارێک دەکات کە دەسمایەدارانی ناوخۆیی وڵات بە جێ بێڵن و سەرمایەکانیان و کارگا و کارخانەکانیان بەرنە دەرەوە و هیچ دەستمایەیەکی دەرەکیش نەیاتە نێو وڵات. ڕێژەی هاتنە ژوورەوەی کرێکارانی خاریجی بە سیفر دەگات و بەم شێوە ڕێژەی خاریجییەکان بە کەمترین ئاستی خۆی دەگات. سویس خۆی ئیزۆلە دەکاتەوە و باوەڕی بە خۆدکەفایی خۆی پەیدا دەکات یا پێی وایە باوەڕی بە خۆدکەفاییە، بەڵام بەم شێوە بەری هەر جۆرە پێشکەوتنێک دەگیرێت.

ئاغای ڕووس دەڵێت: ئەمە سویسێکە بە ویجدانێکی موعەزەبەوە، بۆ ئەوەی لە پەستا پێمان دەکووترێت و دەیبیستینەوە کە چەندە لە هەڵەدا دەژین ئێمە (وەک ئێرانی ئەمڕۆ). ڕادەی تەوەقووعاتمان زۆر کەم و بچکۆلە دەبێتەوە و هەرچی دەوڵەت پێمان بڵێت و بۆمان دیاریبکات دەیکەین (وەک کۆمەڵگایەک کە حیزب تێیدا دەسەڵاتدار بێت!). لەم سیناریۆیەدا ئەمنییەت و ژینگەپارێزی و سیحەت و سەلامەتی خەڵک بەرز دەنرخێندرێن، بەڵام بە نرخی کۆمەڵگایەکی داخراوی دەستەمۆی دەستی دەوڵەت کە حکومەت دەست لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا تێکەڵ دەکات و کۆنتڕۆڵی خەڵک دەکات. کاتێک زۆر وەزعەکە ترسناک دەبێت کە ئێمە ئەو شاخە دارەی کە لە سەری هەڵنیشتووین (دانیشتووین) دەبڕین. ڕووس دەڵێ مەبەستم لەمە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە لە بیست ساڵی داهاتوودا بە زۆری پێویستمان بە هێزی کاری دەرەکی هەیە، ئێمە بێین سیاسەتی ئێکۆپۆپ بەکار بێنین و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەرگا و سنوورەکان لەسەر ئەم هێزی کارانە دابخەین و ئەمە بە مانای بڕینەوەی شاخەکەی ژێر خۆمانە. لەم سیناریۆیەدا ئەبێت لەسەر ئەم خاڵانەش حیساب بکەین کە هەموو منداڵێک پێش چوون بۆ قوتابخانە تێست دەکرێن کە ئایا ئەمانە کامیان شەڕکەری باشیان لێ دەر دەچێت، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن بۆ بەرگری لە وڵات و هاوکات خەڵک لەمەڕ مەسرەفگەرایی وشیار دەکرێنەوە و ئیختار دەدرێن و وڵات حاڵەتی کۆپینی و بایەع بە خۆیەوە دەگرێت!

ئێمەی کورد کە دەوڵەتمان نییە چ ئێستا و چ لە داهاتوودا لە کام سیناریۆدا دەژین یا دەمانهەوێت بژین؟ شەڕ؟ ناسەقامگیری؟ بێ هیوایەتی؟ گەندەڵی؟ باشتر لەمانە یا خراپتر لەمانە، کامیان؟

ئایا هەرگیز بیرمان لەمانە کردۆتەوە؟ ئایا پێویست نییە ئێمەش گرووپێکی کارامە و لێهاتوو و پسپۆڕمان لەمبوارەدا بە ناوی "کوردستان فیوچێڕ" هەبێت و رای خۆی لەمەڕ بەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردستان لە ئێستا و لە داهاتوودا دەرببڕێت و ئێمەش گوێی بۆ بگرین؟

یا هەر ئەبێ ئەڵا وەکیلی بڕۆینە پێش و لە گۆترە و بە شێوەی عەشایری شەرعی خۆمان بکەین؟

12ی گەلاوێژی 2711



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com